## ★ ژنی کورد هەم لەکۆمەڵگا چەوساوەیە، هەم لەنێو جێگای خەوتنەکەشی!
## ★ کوشتنی کچێك لەلایەن باوكو برایەوە، هیچی کەمتر نییە لەکارەکەی شێخ زانا!

## تامان شاکر

**دیمانە: دەشتی سەباح**

تامان شاکر، کە نایەوێت ساڵی لەدایکبوونەکەیمان بۆ ئاشکرا بکات، لەشاری کۆیە هاتۆتە دونیاوەو ماوەی 12ساڵە لەئەڵمانیا دەژیت، کچێکی چالاکی بواری رۆژنامەگەریو خاوەن قەڵەمێکی بوێرە لەبواری دەرخستنو باسکردنی کێشەکانی ژنانو لەرادیۆی میزۆپۆتامیاش کاری رۆژنامەنووسی کردووە، ئەو بەهۆی بەشداریکردن لەخۆپیشاندانەکەی قوتابیان لەساڵی 1982 بەهۆی ڕاگوێزانی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر لەگەڵ کۆمەڵێ لە خوێندکارانی دیکە بۆ ماوەی 23 رۆژ لەدائیرەی ئەمنی هەولێر زیندانی دەکرێت، ئەو زیندانی کردنەش 180 پلە تامان لەکچێکی گەنجەوە دەگۆڕێت بۆ کچێکی کامڵ، لەساڵی 1985 بەهۆی هەڕەشەو بانگکردنی لەلایەن شوعبەی (85)ی ئەمنی هەولێر دەچێتە شاخو دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام وەك خۆی دەیگێڕێتەوە لەبەر ئەوەی کاری هێنانی ئاو و دابەشکردنی کونجیو حەمام گەرمکردنی پێدەکەن، دوای هەفتەیەك واز لەپێشمەرگایەتی دەهێنێتو دەگەڕێتەوە شار.

بۆیە کاتێك باسی ئەو ڕۆژانەت بۆ دەکات، کۆمەڵێك یادەوەری تاڵ و شیرینیت بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو لەسەردەمی تەواو کردنی زانکۆش خوێندنی ئاسایی پێ تەواو نەکراوە، دەڵێت لەبەر هەلومەرجی ئەوساو گوشارەکانی رژێمی بەعس لەسەر قوتابیانی کورد، ئەو لەبەر ئەوەی نە وێنەی دەرچوونی زانکۆی هەیە، نە ئەو جلە رەشو کلاوەشی لەسەرناوە کە نیشانەی تەواوکردنی زانکۆن، دەڵێت تا ئێستا هەست دەکەم زانکۆم تەواو نەکردووەو ئێستاش هەر قوتابیم.

بەدرخان لەدانیشتنێکی کورتدا ئەم چەند پرسیارەی ئاراستە کرد.

★ تۆ لەساڵی 1992 لەدوای ڕاپەڕینو لەسەردەمی ئازادی کوردستانت جێهێشت، بۆچی؟ کە چوویتە ئەوروپا وەك کچێکی ڕۆژهەڵاتی هەستت چی بوو؟

- خۆشت دەزانی دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێك شتی قێزەونو ناشیرین هەبوو لەم ولاتە، بەداخەوە ئێستاناشیرنییەکان هەرماون دەم و چاوێکی تریان هەیە ،دواتر دووبەرەکی حیزبیو شەڕە پەڕۆو بردنە پێشەوەی بەعسیەکان لەدەسەلاتو هەروەها نارێکی لەبەڕێوەبردنی ئیدارە، ئیتر ئەمانە کۆمەڵێك کێشەبوون ، لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی من کەسێکی تۆزێك ئازادبووم،حەزم کرد ژیانی ئەوروپاش ببینم ئەمڕۆ بەلامەوە سەیر نیە کەخەڵك رێزی هەردوو حکومەتەکە ناگرن، چونکە ئەو بازنە گەورەی کە لەدەوری ئەو دووحیزبە کۆبوونەتەوە بەعسیو کۆنەجاشن، من نازانم بەقسەی زۆر کەس کە(350) هەزار خەڵکی جاش هەبوون لەکوردستان ئەمانە بۆ کوێ چوون؟ بێگومان ئەمڕۆ هەموویان لە دەسەلاتن، زۆر هۆکاری تری کۆمەڵایەتی هەبوو بڕۆم، بەتایبەتی نەخۆشیەکەم لێرەچارەسەر نەدەکرا، بەلام ئەو عەقڵەی ئێستا هەمە، ئەوکات هەمبووایە نەدەچووم بۆ ئەوروپا، هەرچەندە لەئەوروپا زەرەرم نەکردوە، بەپێچەوانەوە فێری زۆر شت بووم، فێربووم رێ لەئازادی خەڵکانی تر نەگرمو دەستکاری ژیانی کەس نەکەم، فێربووم مرۆڤ بم، بەلام مرۆڤ لەئەوروپا لایەنە ڕۆحیەکانی لاواز دەبێت، هەست بە تەنهایی دەکات، کوردستانیش هەمیشە لە ویژدانمدا دەژیت.

★ تامان لەهەلومەرجێکی دژواردا زانکۆی تەواو کرد، بەتایبەتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1982ی قوتابیانی زانکۆ بەرامبەر بەگواستنەوەیان لەسلێمانیەوە بۆ هەولێر، یادەوەری ئەو کاتت چییە لەزانکۆ؟

- ساڵی 1982 کە ساڵێکی ناخۆش و پڕ مەینەت بوو بۆ هەموو قوتابیانی زانکۆی سلێمانی کە راگوێزرابووین بۆ هەولێر، بۆ من بەتایبەتی ناخۆش بوو چونکە ئەوکاتە بەشداریم کردبوو لە ڕاپەڕینی قوتابیان و بەهۆی ئەوەوە کەوتمە بەندیخانەوە، ئیتر خۆشم نازانم دوا ساڵی خوێندنی زانکۆم چۆن تەواوکرد، ئێستاش بڕواناکەم زانکۆم تەواو کردبێت، چونکە نە وێنەی دەرچوونم هەیەو نە ئەوجلە ڕەشەو ئەوکلاوەشم لەسەر نا کە نیشانەی تەواوکردنی کۆلێژە، بۆیە هەست دەکەم هێشتاش هەر قوتابیم.

دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد ماوەیەك لەماڵەوە بووم دواتر لەبەر ئەوەی شەڕی عێراقو ئێران لە ئارادا بوو زۆر پێویستیان بە مامۆستا بوو، لە هەریر بوومە مامۆستا، دوای چەند ساڵێك دواجار بردمیانە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان،لەوێ مامۆستا بووم تا ڕاپەڕین، دوای ڕاپەرینیش بۆ ماوەیەك هەر مامۆستابووم دواتر وازم لێهێنا لەبەر هەندێ خراپی باری تەندروستی لەساڵی 1992 چوومە ولاتی ئەڵمانیا.

★ ئەگەر باسی چۆنیەتی گیرانو خۆپیشاندانەکەمان بۆ بکەیت؟

- خۆپێشاندانەکە لەسەر ڕاگوێزانی زانکۆی سلێمانی وچەوساندنەوەی گەلی کورد بوو بە تایبەتی لەو کاتەدا کوشتن و لە سێدارە دانی کوردان لە بەندیخانەکانی ڕژێم،زۆر بوو، ئەمانە هەموو هەوێنی ئەو خۆپیشاندانە بوون،جیاکردنەوەی کۆلێژەکانیش ڕەوشێکی زۆر خراپ و نالەباری بۆ قوتابیانی زانکۆ دروست کردبوو، لەبەر ئەوە ئێمە جیاکرابووینەوە هەر کۆلێژەو لە شوێنێك دەوامی دەکردو هەمووومان پەرت و بلاوەمان پێکرابوو،بۆیە بڕیارماندا دژی ئەو هەموو زۆردارییە نارەزایی دەربڕین خۆپیشاندانێك ساز بکەین،من یەکێك بووم لەوانەی کە بەشداری خۆپێشاندانەکەی هەولێرم کرد لەبەردەم دەرگای قەلا بێ ئەوەی بیر لەئەنجامەکانی بکەمەوە چونکە دڵنیا بووم لە 100٪، بەرگەی هەموو شتێك دەگرم، زۆربەمان گیراین، بیرم دێت کە ئەوئێوارەیە بردیانین بۆ حەوشەی دائیرەی ئەمنی هەولێر زیاتر لە(750)کەس بووین، دوای ماوەیەك لەزیندان ئازاد کراین، بەلام تائێستا هیچ لایەك یان دەزگایەکی حکومی نا حکومی بایەخیان بە ڕاپەرینە نەداوە ،ئەوە مێژووە،مێژووی ڕاپەرینێك،هەر گەلێکی تر خاوەنی بوایە مێژوویەکی لێدروست دەکرد، بۆ مێژوو دەیڵێم تاکە کەسێك کەباسی لەگەڵم کردبێ بەرێز ئاکۆ محەمەد سەر نووسەری میدیا بووە، نە رێکخراوەکانی قوتابیان و ئافرەتانو نە زانکۆکان یادێك بۆ

ئەم بۆنەیە ناکەنەوە، بەڕاستی جێگای شەرمو داخە کە زانکۆی سەلاحەدین لە ژێردەسەلاتی کوردیدا سالانە یادی ئەو خۆپیشاندانەو شەهیدەکانی ناکاتەوە.چونکە زانکۆ بۆتە دەزگایەکی حیزبی نەك زانستی .

★ تۆ وەك کچێکی دیاری زانکۆی سەلاحەددین ئەو کات مامەڵەیەکی باشت لەگەڵ نووسین هەبوو بۆچی دوا کەوتی؟ ئەی سەرەتاکانی نوسینو کاری ڕۆژنامەگەری تامان دە گەڕێتەوە بۆ کەی؟

- من ئەوکاتەی لە زانکۆ بووم خەریکی کاری شانۆ بووم، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر لەوانە، بەرزان هەستیار، دڵشاد کاکی و پاکیزە خاکی ،چەند کەسێکی تر خۆمان سەرقاڵی شعر نووسین کردبوو،هەرچەندە زۆر کەس دەیانگوت شیعرەکانت جوانەو خەیاڵی جوانی تێدایە،بەس بەڕاستی من شاعیر نەبووم،ئەوکات لە ڕۆژنامەی هاوکاری هەندێکم لێ بلاوکردنەوە، بەلام لەوانەیە خێریان پێم کردبێ،دواتر لە ڕۆژنامەی پەیام کە لە لەندەن دەردەچوو لەوێ چەند شتێکم لای ڕێبوار فەتاح بلاوکردەوە،ماوەیەکیشە زیاتر لەرۆژنامەی میدیا دەنووسم کە بەسوپاسەوە بۆمی بلاودەکەنەوە، بەر لەوە من چەند بابەتێکم بۆ رۆژنامەی خەبات نووسی کە پەیوەندی بەژن و کێشەی ژنو ئایینو کۆمەڵگاوە هەبوو،بەلام بۆیان بلاو نەکردمەوە.

★ لەنوسینو ریپۆرتاژەکانت زیاتر باس لەکێشەو موناعاتەکانی گەنجی کورد دەکەیت کەجیاواز لە کولتووری خۆی لەولاتێکی رۆژئاوا دەژیت، ئەم گرفت وکێشە کۆمەلایەتیانە چین کە ڕووبەڕووی گەنجی کورد دەبێتەوە؟

- بێگومان کەدەچیتە ولاتێکی ئەوروپی، سەرەتا هەموو شتەکان جوانن بازاڕ جوانە، دەمو چاوی مرۆڤەکان جوانە، شەقامەکان جوانن، ئینسان کەزمانی ئەو ولاتە نازانێت،لە شتەکان تێناگات،و وادەزانێت ئەوروپا بەهەشتێکە دانراوە بۆئەوەی خەڵك تێیدا بژیت،بەلام کەشارەزای ژیانیان بوویت تێدەگەیت کە ژیانی ئەوروپا سەختە،مرۆڤ دەبێ هەر ڕابکات لەپێناوی ئەوەی بژیت، جا بۆ ئێمە، بۆ خەڵکی رۆژهەلات بێگومان کەئەچینە ئەوێ،کەزمانێکی ئەوروپی وا باش نازانین، لەلایەکی دیکەوە شێوە ژیانی کۆمەڵگای ئەوروپی زۆر جیاواز لەکۆمەڵگای ئێمە،لەوێ تاك ئازادەو فەردانییەت هەیە، ئەوانەی دەیانەوێت بۆ خۆیان بەتەنیا دەژین، لەو کاتەی کە گەنجێکی کورد هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ یان هاوسەرێك، دووچاری کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە، چونکە مامەڵەی ژیانی ئەوان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئێمە، بۆ نمونە لەکوردستان لەوانەیە ئەوە ئاسانتر بێت بەکچێك بڵێیت خۆشم دەوێیت، بەلام لەئەوروپا پێویستە تۆ میتۆدەکانی بزانیت،زمانی ئەوان بزانیت، بزانی چۆن دەتوانیت لەگەڵ ئەوکچە یان ئەوکوڕە مامەڵەبکەیت،مەسەلەی ژیان زۆر جیاوازە، تۆ ناتوانیت ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ ژنێکی کورد دەیکەیت لەگەڵ ژنێکی ئەوروپی بیکەیت،ژنێکی ئەوروپی پێویستی بەوەیە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ بکەیتەوە، لەچێشتخانە کورسیەکەی بۆ ڕاکێشی،جار جار چەپکێ گوڵی پێشکەش بکەیت،و بیر لە جەژنی لە دایك بوونەکەی بکەیتەوە،تاگەنجی کورد فێری‌ئەمانە دەبێ کێشەی زۆری دەبێت،دواتریش وەکو زۆرجار لەنووسینەکانم باسمکردووە، سێکس مەسەلەیەکی رۆحیە هەموو ئینسانێك پێویستی بە ئەنجامدانی کرداری سێکسی هەیە، هەرچەندە لەولاتی ئێمە سێکس تابوە، بۆ نمونە ئەگەر لەولاتی ئێمە سێکس تابو نەبوایە ئێستا گروپەکەی شێخ زانا نەیاندەتوانی ئەو گەنجانە بەو شێوەیە بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە، چونکە لێرە خەڵك حەیای بەسێکس دەچێت، ئەوان لەکاتی ئەنجامدانی کاری سێکسی وێنەیان گرتوون، توانیویانە ئەوانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەلام لەئەوروپا گەنجان لەتەمەنی(10-12) ساڵی کاری سێکسی دەکەنو دواتریش گەنجێکی کورد کەدەچێتە ئەوروپا ئەو شتانە نازانێتو ئاگای لەژیانی ئەوان نیە، ناچارە زۆر جار دەگەرێت بەدوای خەڵکانی ئەوروپای رۆژهەلات (پۆلۆنیا و رۆمانیا و روسیا)و هەتا ولاتە عەرەبیەکانی وەك مەغریبو تونس، ئیتر زۆر جاریش روو لەو شوێنانە دەکەن کە لەشفرۆشی تێدا دەکرێت،بۆیە ئەو کەسانە بەهەڵەداچوونە کە پێیانوایە ئەوروپا تیاترۆ خانەیە.

★ ئەوان تێڕوانیان بەرامبەر بە سێکس یا کرداری سێکسی چۆنە؟

سەرەتا من پێم وایە مرۆڤ دەبێت بەخشندەو گەورە بێت بۆ ئەوەی بتوانی خۆشەویستی بکات،مرۆڤی بچووك ناتوانێ کەسی خۆش بووێ سێکس و خۆشەویستی لای ئەوان پێداویستیەکی رۆحییە،بە پێچەوانەی کۆمەڵگای ئێمە.

لای ئێمە وشیاری سێکسی نییە ،و بۆ نمونە کاتێك کوڕو کچێکی گەنج زەواج دەکەن نازانن چی بکەنو چی نەکەن، من لەگەڵ 17ژندا قسەم کردووە، هیچیان لەکاتی کرداری سێکسی چێژ وەرناگرن، لەبەر ئەوە پیاوەکان، ژنەکان زانیاریان نیە،یان وادەزانن سێکس تەنها کردارێکە دەیکەنو تۆوەکەیان بڕێژنو تەواو، بەلام بیر لەژنەکانیان ناکەنەوە،و لە ژنەکانیان ناپرسن تاچ رادەیەك چێژ لەم کارە وەردەگرن، ژنێکی ئەوروپی بەوە ڕازی نیە کەپیاوەکەی تەنها چێژ وەرگرێتو ئەویش بۆخۆی دابنیشێت تەماشای بکات، وەکو برادەرێك دەیگوت(داری بنمیچەکە بژمێرێت)،لە وانەییە بەشێکی زۆری ژنان و پیاوانی کورد تەنها بۆمنداڵبوون سەیری مەسەلەی سێکس بکەن، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ئەزموون شتێکی زۆر خراپە، کە کوڕو کچی کورد بەڕاستی هیچ ئازادیو پەیوەندییەکیان نییە بەر لەپرۆسەی هاوسەرگیری، ئەگەر هەشیانبێت پەیوەندییەکی زۆر سەیروسەمەرەیە کە سوودی بۆ هیچ لایەکیان نییە، مەرجیش نیە لەئەنجامدانی هەموو کردارێکی سێکسی مرۆڤ منداڵ دروست بکات، بەلام پێویستە ئارەزووە رۆحیەکانی هەردوولا وەك یەك تێربێت، پێموایە ژنی کورد هەم لەکۆمەڵگا چەوساوەیە هەم لەنێو جێگای خەوتنەکەشی.

★ بەو گریمانەی لەخەیاڵی گەنجی کورد ئەوروپا تیاترۆخانەیە، ئایا ئەو خەیاڵە لەچیەوە دێت؟

- ئەوروپا تیاترۆخانە نیە، خەڵکی ئێمە بەهەڵە تێگەیشتووە، ئەوان وادەزانن سێکس لەئەوروپا لەسەر شەقامەکانەوە کەوتووەو کچەکان چاوەڕێ دەکەن گەنجێکی رۆژهەلاتی کەباش سێکس دەکات لەگەڵیاندا بخەوێت، یا وادەزانن پارە لەسەر شەقام رژاوە خەڵکیش کۆی دەکاتەوە، ژنێکی ئەوروپی خاوەنی کەسایەتی خۆیەتیو خاوەنی لەشی خۆیەتی،خۆی بریار بۆ خۆی دەدات ، دواتر ژنی ئەوروپی ئەو شتە دەکات کەخۆی پێی خۆشەو خۆی دەیەوێت.

ئەو ژنانەی کەلەشی خۆیان دەفرۆشن لەئەوروپا شوێنی تایبەتیان هەیەو جیاکراونەتەوە، بەڵام ژنێکی تر کە کاردەکات ئەو ژنە نیە هەر کەسێك هاتو بڵێیت فەرموو وەرە لەگەڵماو قاچی خۆی بەرزکاتەوە، ئەم قسەیە لەوە هاتووە ئەمانە وادەزانن لەبەر ئەوەی ئەوروپا سیستمێکی دیموکراتیەو مرۆڤەکان ئازادن، تێڕوانینێکی جیایان هەیە بۆ سێکس دەبێت تیاترۆخانەبیت ، لە کۆمەڵگایی ئێمە ئەوانەی سێکسیان قەدەغە کردووە، بەدزی و بە ئاشکرا، بە حەلال و حەرام خۆیان دەیکەن،و ڕێگا لە گەنجەکان دەگرن،هەر ئەوانەش وایان کردووە سێکس وەکو گوناە، حەرام سەیر بکرێت . بەلآم لە ئەوروپا کەسەکان ئازادن چۆن و لەگەڵ کێ سێکس دەکەن ،زۆر جار وشەی سێکسیش بە کار ناهێنن بەڵکو دەڵێن خۆشەویستی دەکەین،لە لایەکی ترەوە پیاوی لای ئێمە ئەگەر ژنێکی ویست، و ژنەکە ئەوی نەویست لەوانەیە سەد بوختان و درۆی بۆ بکات، بەلام لە ئەوروپا ژنەکە زۆر تووڕە بێت تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات، خەڵکی لای ئێمە بەداخەوە وا دەزانن ژنی ئەوروپی هەمووی لەشفرۆشن یان هەموویان بۆ پیاوێکی ڕۆژهەلآتی شێت بوونە، ئەمە لەڕاستیدا وانیە، لەئەوروپا هەر شتەو شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو سیستەمێك هەیە ژیانی ڕێکخستووە و بەڕێوەی دەبات.

بەداخەوە ئێمە لەئەوروپا دووشت دەبینینەوە، یان سێکس یان پارە، بەلآم ئەم هەموو زانستو پێشکەوتنو وئازادی تاکە کەس و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و هاوڕێیەتییە تا دەگاتە ئادابی نان خواردنوقسەکردن ئەوەندە بایەخی پێنادەین، کوردی ئەوروپا نەك هەموویان بەلام زۆربەیان بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنی خێزانن نایانەوی ئەوەندە تێکەلآوی کولتووری ئەوروپی بن،هەندێکیش هەن ژنێکی ئەوروپای ڕۆژهەلآت یان مەغریبیو تونسی دەهێنن کە گوایە ڕۆحیەن لە ئێمە نزیکن.

★ باسی گروپەکەی شێخ زانات کرد، کە سێکس ڕۆڵێکی باشی بینیوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو گەنجانە، پێتوانیە بەشێك لەدروست بوونی ئەو گروپە دەگەڕێتەوە بۆ تابو خستنە سەر سێکس لەکۆمەڵگای ئێمەدا؟

- من پێموایە گەنجی ئێمە زۆر گوناهە، خۆی ئینسان لەتەمەنی گەنجێتیدا پێویستی بەزۆر شتە، گەنج لێرە لەبۆشایەکی ڕۆحی دەژیت، گەنج لەو تەمەنە پێویستی بەنزیکایەتی یەکتر هەیە دواتریش مەسەلەی سێکس گرفتێکی زۆر گەورەیە بۆ گەنجانی ئێمە، باشە ژیانی گەنج چیە ئەگەر نەتوانێت کچێك ماچ بکات یان هاوڕێیەکی کچی هەبێت، من ناڵێم کۆمەلگا بەرەلآبێت، بەلآم هاوڕێیەتی کوڕو کچێك بەیەکەوە خۆشترە لەوەی کوڕو کوڕێك یان تەنها کچ و کچ بەیەکەوە قسەبکەن.

گروپەکەی شێخ زانامەسەلەی هۆمۆسێکسواڵی بەکارهێناوە، جگە لەوەی کەکابرایەکی دڕندەو مرۆڤ کوژ بووە، نێربازیشی وەك دەسەلآتێك بە کاربردووە، بۆئەوەی بتوانی کۆنترۆلی گەنجەکان بکات ، نێربازەکانی ئەوروپا زۆربەیان کەسانی نەرمونیانو ڕێکوپێکنو ڕێزی خەڵك دەگرن، من دراوسێکەم نێربازە بەراستی کەدەیانبینم ئەوەندە بێوەینە، ئەوەندە ئینسانی چاکن ڕێزی زۆرم بۆیان هەیە، جا لەبەر ئەوە لەکۆمەلگای ئێمە سێکسی نێوان کچ و کوڕ قەدەغەیە، بێگومان کوڕو کوڕ هەر زۆر قەدەغەیەو شتێکی نەشازە، شێخ زانا توانیویەتی خالی لاواز و بۆشایی ڕۆحی گەنجەکانی بدۆزیوەتەوەو، لەگەڵ ئەوکوڕە گەنجانە هەم ڕایبواردووەو هەم فێری کوشتنیشی کردوون، ئەو توانیویەتی لە ڕێگای سێکسیەوە ئەمانە کۆنترۆڵ بکات، بەلآم ئەگەر سێکسی تابوو نەبوایە ئەو گەنجانە لە قسەی خەڵکی نەترسابان لە شەرەفی خۆیان نەترسابان لە وانەبوو هەندێکیان وازیان هێناباو خەڵکیان لەت و پەت نەکردایە ،ئەوگەنجانە لە کوردستان شوێنیان نییە، پارەیان نییە، بۆیە ڕوو لە مزگەوت دەکەن،ئەگینا لەجیاتی ئەوەی بۆ مزگەوت بچن، دەچوونە قاوەخانە، ئەگەر ئەوکوڕانە هاوڕێیەکی کچیان هەبوایە دەچوونە کتێبخانەیەك،قاوەخانەیەك لە جیاتی مزگەوت.

لە پایتەختی کوردستان قاوەخانەیەك نییە کچان وکوڕان بڕۆن قاوەیەك بخۆنەوە، گەنج لە نائومێدی ڕوو لەمزگەوتو کەنیسەو ڕوو لەئاینن دەکات، بۆیە پێویستە کۆمەڵگای کوردی جارێکی دیکە بەخۆیدا بچێتەوە ئەوەندە دڵرەق نەبێت بەرامبەر بە گەنجەکان،ژیانێکی باشتریان بۆ دابین بکات بە تایبەتی سەرۆکی حکومەتەکەمان کە گەنجە بەلآم وادیارە بە عەقلی پیر بیردەکاتەوە. دواتر قسەکردن لەسەر سێکس کاری ڕۆشنبیران و لێکۆڵەرەوانە کە ئێمە سێکس بەتاوان دەبینین، ئەوانەی کەسێکس دەکەن دەیانکوژین، کوشتنی کچێك لەلایەن باوكو برایەوە یان خۆسووتاندنی لە رقی کەس و کاری ، هیچی کەمتر نییە لەکارەکەی شێخ زانا، ڕاستە ئەمرۆ کوردانی ئەوروپا لەسەر ئەم کارەساتە هەمووی هەژاون، بەلآم ئێمە حاڵەتی وامان هەیە کە باوکێك کچەکەی خۆی دەکوژێت لەبەر ئەوەی بەقسەی خەڵك لەپەنای دیوارێك قسەی لەگەڵ کوڕێك کردووە ، کێشەی ئێمە ئەوەیە وادەزانین شەرەفی میللەتەکەمان شەرەفی خێزانەکەمان لەناوگەڵی ژنەکانمانە، پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد ئەم دەستەواژەیە لەناو خەڵکدا ڕاست بکەنەوە، شەرەف جیاوازە لەسێکس، سێکس کارێکی بایۆلۆژیە لەش پێویستی پێیەتیو لەرێگای سێکسەوە ژیان دروست دەبێت.

★ لەناو کۆمەڵگای کوردی ژن کوشتن هەیە، بەهەمان شێوە لەناو کوردەکانی ئەوروپاش ئەم دیاردەیە هەیە، هۆکار چیە؟ ئەی ئەگەر ئەو کولتوورەی قبوڵ نیە بۆچی لەوێ دەژیت؟

- بەراستی خێزانی کورد، خێزانێکی دووڕووە، هەم لەئەوروپاو هەم لەوڵات، ڕێگا بەکوڕەکەی دەدات هەموو شتێك بکات، بەلآم ڕێگا بەکچەکەی نادات، ئەوانەی لەئەوروپا ژنو کچەکانی خۆیان دەکوژن لە ئەلمانیا بە پلەی یەك کوردی باکوورن دوای کورد، ئەفغانیەکان، ئوردنی دێت، واتا ئێمە لەئەفغانیەکانیش دواکەوتووترین، ئەوانەی لەدوای ڕاپەرین هاتوونەتە ئەوروپا لەبەر باری ئابووری هاتوون ئەوان حەز دەکەن کوڕەکانیان کچێکی چاوشینی قژ زەرد بێنێتەوە ماڵێو باوکەکەی زۆر خۆشحاڵە کە کوڕەکەی رەفیقی کچی هەیە، بەلآم بۆ کچەکانیان ڕێگەی ئەوە نادەن، لەبەر ئەوەی مرۆڤی کورد خاوەنی یەك کەسایەتی نییە، ئێستاش کە لەئەوروپا دەژیت کچەکان هەڕەشەیان لەسەرەو لەژێر چاودێری باوكو برایانن.

ئەی ئەگەر دایكو باوك نەیەڵن منداڵەكانیان تێكەڵاوی كولتووری ئەوروپی بن بۆچی نایەنەوە كوردستان، زۆر خێزانی كورد هەیە نایەڵن كچەكانیان بچن بۆ گەشت لەقوتابخانەكەیاندا واهەست دەكەن لەدەستیان دەچێت، زۆر جارمنداڵەكانیان بەفێڵ دەهێننەوە كوردستانو لێرە جێیان دەهێڵن یان دەیانكوژن.

⋆ ئەوگەنجە كوردانەی كە لەئەوروپا دەژین، دێنەوە كوردستان ژن دەخوازن، ئەو هۆكارە چیە وا لەگەنجی كورد دەكات بگەڕێیتەوەو لەكوردستان ژن بخوازیت؟

- پیاوی كورد كەژنێك دەهێنێت حەزدەكات دەستی یەكەم بێت، چۆن سەیارە دەكڕن، دەبێ بەر لەوە پەیوەندی سێكسی لەگەڵ هیچ پیاوێكی دیكە نەبێت، واتە پەردەی هەبێتو لەشەوی زاوابوون خوێنی لێبێت، خاڵی دووەم پیاوی كورد بۆخۆی لەگەڵ چەندەها ئافرەت رادەبوێرێ هەتا ئەو پیاوانەی كە ژنیشیان هەیە، بەڵام ئەو ژنەی كەدەیكەن بەدایكی منداڵەكانیانو دەبێتە هاوسەریان دەبێ ژنێكی بەحەیاو شەرمو شەرەف بێتو كەس دەستی لێنەدابێتو بزانێ مەنجەڵێك یاپراغی بۆ لێبنێتو باش خزمەتی بكات، چونكە لەلای پیاوی كورد مەسەلەی پەردەو ناو گەڵوبۆ ژنێك زۆر گرنگە، لەوكاتەی كەبیر دەكاتەوە ژن بێنێت، بیر لەوە ناكاتەوە ئایا ئەو ژنە چەند لەگەڵی دەگونجێت،ئاستی رۆشەنبیری چەند ئەوانە كیشە نین ، پیاوی كورد بۆیە وتم دووڕووە، ئامادەیە ژنێكی ئەوروپی بێنێت ئەگەر لەگەڵ50 كەس رایبواردبێت بە خەیالی نایەت حساب بۆئەوە ناكات، بەڵام كە ویستی ژنێكی كورد بێنێت حیسابی ئەوە دەكات.

⋆ دیاردەی لەشفرۆشی لەكوردستانیش دەكرێت، بەڵام بەشێوەیەكی نهێنی بەڵام گەنج هیچ سەرچاوەیەكی سێكسی نیە بۆیە لەئەنجامدا نێربازیو سێكسی كردن لەگەڵ ئاژەڵ، یان لە گۆڕستانەكان دروست دەبێت؟

- من پێموایە سێكس لەهەموو سەردەمێكدا كراوە چ لەكوردستان چ لەوڵاتانی دونیا،لەشفرۆشیش یەكەم پیشەیە لە جیهاندا و ئەو دیاردانەی كە لەئەوروپا هەیە وەك پەیوەندی ژن و ژن، پەیوەندی پیاو و پیاو، پەیوەندی ژن و پیاو، دەستدرێژ كردنە سەر منداڵ، لەشفرۆشی هەمووی لە لەكۆمەڵگای ئێمەشدا هەیە،بەلام ئێمە ناوێرین باسی بكەین، لەشفرۆشتن لەكۆمەڵگای ئێمەدا بەنهێنیەو تەنها ئەو كەسانەش پێیاندەكرێت كەپارەو دەسەڵاتیان هەیە، شوێنی تایبەتیان هەیە، (من ناڵێم شوێنی لەشفرۆشی بكرێتەوە، چونكە ئەوە چەوساندنەوەی ئافرەتە) بەڵام لەئەوروپا شوێنی لەشفرۆشی هەیە بۆ نمونە ئەو گەنجانەی كەشەرمنن ناتوانن لەگەڵ ئافرەتدا قسە بكەن،ناتوانن یان نایانەوی پەیوەست بن بە هیچ كەسێكەوە یان هەیانە خاوەن ژن و منالێشن، بۆ ئەو شوینانە دەچن و ئارەزووەكانی خۆیان دادەمركێننەوە، خۆ ئەگەر لەكۆمەڵگای كوردیدا شوێنێكی لەشفرۆشی بەئاشكرا هەبووایە باشتر بوو لەوەی كەبەدزیەوە دەكرێت. ژێرخانی گۆمەڵگا برووخێت،ئەوەی من گوێم لێدەبێت، لێرە بەداخەوە بەرپرسان یان مەسئولەكان یان ئەوانەی پارەی باشیان هەیە، دەتوانن سێكس بكڕن و گەنجەكانیش تەماشا دەكەن بۆ خۆیان ، لەكۆمەڵگای ئێمە پارە هەموو شتێكە، نرخ و گەورەیی مرۆڤ بە پارەوەیە .كە پارەت هەبوو چی دەكەی بیكە چونكە خەڵك ڕێزی پارەكەت دەگرێت، نەك هی خۆت .

بێجگە لە كێشە سێكسیەكان نەخۆشەكانی وەك ئایدزو،سفلس و چەندان نەخۆشی دیكە هەیە، باسی ناكرێت ئەوەش بە هەمان شێوە مەترسی دارە بۆ ژیانی خەڵك

⋆ بۆچی ئەو كوردانەی كە لەئەوروپاوە دێنەوە كوردستان بەردەوام ستایشی ئێرەو بەپێچەوانەوەش ئیهانەی ئەوێ دەكەن؟ ئەگەر وایە بۆچی ناگەڕێنەوە كوردستان؟

- پیم وایە نامۆ بوون یان غەریبی وانەیەكی سەختی ژیانە وڵاتیش لە هەموو شتیك شیرینترە،بەلام كە لە وڵاتەكەت ژیانێك نەبێت شایستەی مرۆڤ بێت،بچوكترین پرەنسیبی دیموكراتی و ئازادی تیا نەبێت چی لەو وڵات دەكەی، ئەوروپا بەهەشت نییە بەڵام لە ئەوروپا مرۆڤ ئازادە
ئەوانەی ئیهانەی ئەوروپا دەكەن درۆ دەكەن ، چونكە هەموو وڵاتە ئەوروپیەكان ژیان و هەموو پێداویستیەكانیان بۆ مرۆڤ دەستەبەر كردووە
ئەوەی لە ئەوروپاش بێزارە پێم وایە دەرگای كوردستان ئاواڵەیە ودەتوانێ ئەو ئیهانەی ئەوروپیەكان قبوول نەكات و بێتەوە زیدی خۆی .

.